# به بۆنەی 8ی مارِس رۆژی جیهانی ژن

کۆماری ئیسلامی لە ماوەی 27 ساڵ دەسەڵاتی خۆیدا توانیویەتی بە پاڵپشتی پەیوەندیە ئابووری و کۆمەڵایەتی‌یەکانی زاڵ بەسەر کۆمەڵگا و بە بەکارهێنانی دامەزراوەی فێرکردن و بارهێنان، چاپەمەنییەکان سەربەخۆی و بە بەرێوەبردنی یاسا ئیسلامییەکان، رەگی ژێر دەستەبوونی ژنان بباتە ناخی کۆمەڵگاوە. لە کێشە کۆمەڵایەتی‌یەکانی وەکوو شایەتیدان، میرات بردن ، دییە و سەرپەرەشتیکردنی منداڵ بەهای ژن بە قەدەر نیوەی پیاو بسەپێنێ. مافی چەند هاوسەری بە پیاوان ببەخشێ، فەرهەنگی کۆنەپەرستانەی پیاوەزنی و بێ‌مافی لە هەموو مەیدانەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی‌دا پەرە پێبدات و بەم جۆرە سووکایەتیکردن بە ژنان بگەیەنێتە ئەوپەری خۆی. بە پێی ئەم بارودۆخە رێژەی ئەو ژنانەی کە رۆژانە دەبنە قوربانی یاسا و فەرهەنگی دژی ژنی کۆماری ئیسلامی و ئەو کچانەی کە لە ترسی بە شوودانی زۆرەملی پەنا بۆ باوەشی سامناکی مەرگ دەبەن رۆژ، لەگەڵ رۆژ رووڵە زیاد بووندایە.

بەرامبەر بەم بارودۆخە ترسناکە ئەگەرچی بزووتنەوەی ژنان پێشڕەوی خۆی لە رێکخستن و بەرێوەبردنی رێ و رەسمە پر شکۆکانی 8ی مارس دا، لە خەباتی پر گڕوتینی روژانە لەدژی بێ‌مافییەکان، لە هەوڵی بەربلاو بۆ بەرپا کردنی رێکخراوەکانی ژنان، لە دەربرینی هاوپشتی لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری، لە چالاکی کۆمەڵایەتی و هونەری و پێشڕەو لە بەرێوەبردنی  دەیان بلاوکراوە و سایتی ئینتێرنێتیدا نمایش داوە و بەم جۆرە لە هاوسەنگی هێزی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەمروی ئێراندا قورسایەکی حاشاهەڵنەگری بۆ خۆی دەستەبەر کردوە، بەلام سەرەرای هەمووی ئەوانە، ئەو بزووتنەوەیە بە هۆی خەفەقانی سیاسی زاڵ بە سەر کۆمەلگادا و بە هۆی پرژ و بلاو بوونی رێزەکانی خۆی، نەیتوانیوە رژیمی کۆماری ئیسلامی لە داسەپاندنی سیاسەتی ئاپارتایدی جنسی و ژێردەستەبوون و سووکایەتیکردن بە ژنان بگێرێتەوە.

گۆمان لەوەدا نییە کە کۆماری ئیسلامی و فەرهەنگی کۆنەپەرست و پیاوەزن دەبێ پاشەکشەی پێ‌بکرێت، بەلام تەنیا، بزوتنەوەیەکی بەهێزی کۆمەڵایەتی ژنان کە  لە روانگەیەکی روونەوە بەرۆ  ئاسۆی رزگاری ژنان هەنگاو بنێت ، دەتوانێ پاشەکشە بە کۆماری ئیسلامی بکات. بەبێ بەشداریدانی بەرینی ژنانی کرێکار و زەحمەتکێش کە زۆرینەی ژنانی کۆمەڵگا پێك دێنن، ناتوانێ باسێك لە بزووتنەوەی‌یەکی جەماوەری و بەهێزی ژنان لە ئارا دابێ کە بەگژ نایەکسانی دا بچێتەوە . تا کاتێك کە پەیوەندیە، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی نیزامی سەرمایەداری ئەو نایەکسانی و بێ‌مافییانە بەردەوام بەرهەم دێنێتەوە، تەنیا یەکسانی حقوقی و یاسایی ناتوانیت ستەمکردنی جنسی لە کۆمەڵگا بنەبر بکات.

فێمێنیسمی لیبڕاڵ، لە جێگاو شوێنی ئۆپۆزۆسیۆندا، لەبەر ئەوەی کە هەوڵ دەدات ئەو ڕاستییە چینایەتییانەی سەرەوە پەردە پۆش بکات، سەرەنجی ژنان لە ناسینی ریشەی ستەمکاری بەلارێدا بەرێت و نیزامی سەرمایەداری لە ژێر زەختی هێزی خەباتی ژنان دەربازکات، ناتوانێت جەماوەری ژنانی کرێکار و زەحمەتکێش کە هەل و مەرجی واقعی کار و ژیانیان هەر رۆژە زیاتر لە رۆژی پێشوو لە ناسینی ڕیشەی چینایەتی ئەو ستەمکاریە نزیك تریان دەکاتەوە، بێنێتە نێو ریزی خەباتێکی جێددیەوە. ئەو ڕەوتە بەو ستیراتیژ و ئاسۆیەی کە هەیەتی ناتوانێت پەیوەندیەکانی سەرمایەداری کە لەسەر بنەمای خاوەندارێتی تایبەتی ئامرازەکانی بەرهەم

هێنان دامەزراوە، بداتە بەر پەلامار ولە ئاکامدا تەنانەت توانای دابین کردنی یەکسانی بەرانبەر بە یاساشی بۆ ژیان نییە.

بە بێ دابین بوونی بیمەی بێکاری و بە بێ سەربەخۆیی ئابووری ژنان کە وەدیهاتنی ئەویش لە ئاستێکی جەماوەریدا بەبێ دەست بردن بۆ سەر بنەماکانی نیزامی سەرمایەداری مۆمکین نییە، ناتوانێت مافی پاوان کراوی تەلاق لە پیاوان وەربگرێتەوە، ناتوانێت مافی سەرپەرەشتیکردنی منداڵ بە ژنان بسپێردرێ. بەبێ سەربەخۆیی ئابووری ژنان، ناتوانرێت ژنان لە سووچی ماڵ بکێشرێنە دەرێ و بارودۆخی گەشە و پشکوتنی تواناییەکانیان بۆ لەبار بکرێ. بەڵام تەنانەت ئەگەر یەکسانی حقوقیش بە تەواوی دابین بکرێت کە هەلبەت ئەوە خۆی هەنگاوێکی گرینگ بۆ باشتربوونی جێگاوشوێنی کۆمەڵایەتی ژنانی ئێران دەبێت، تازە بۆ گەیشتن بە یەک سانی بەرابەر بە یاسایە کە خەباتی ژنان بۆ ڕزگاری راستەقینە دەست پێ دەکات. بەو پێیە بزووتنەوەی ژنان بۆ بەرەو پێش چوونی خۆی و بۆ هەنگاونان بەرەو رزگاری و یەک سانی راستەقینە، رێگایەکی بێجگە لە چوونە ناوجەرگەی خەباتی دژی نیزامی سەرمایەداری لە بەردەم نییە.

هەڵسووڕاوانی سۆسیالیستی نێو بزووتنەوەی ژنان بۆ کێشانە مەیدانی بەکردەوەی ژنان و بەرپاکردنی بزووتنەوەیەکی بە هێزی کۆمەڵایەتی دەبێ کار کردن لە ناو ژنانی کرێکار و زەحمەتکێش بکەنە تەوەری سەرەکی چالاکییەکانی خۆیان. نەتەنیا ژنانێك کە بە چوونە نێو بازاڕی کار و بوون بە کرێکارانی رۆژکار و کۆتایی هێنان بە گرێ دراوی ئابووری بە پیاو بە شێوەیەکی بابەتیتر و ولە نزیکەوە، لە ریشە چینایەتی ستەم کردن لە ژنان تێدەگەن، بەڵکوو ژنانێکیش کە نەچوونەتە نێو بازاڕی بەرهەم هێنان و کار، ئەزموونی خۆیان لەمەر گرێدراوی بە پیاو و گرێ دراوی پیاویش بە یاسا ئابوورییەکان، ئەوانی بردۆتە ئاستێك کە ناکۆکی نێوان خۆیان و ڕەوتی زاڵ بە سەر کۆمەڵگادا دەرگ بکەن. جەماوەری بەرینی ژنان ئەو هێزەن کە دەتوانن کۆماری ئیسلامی ئێران لە پەلاماربردن بۆ سەر مافەکانی ژنان پاشەکشە پێ بکەن.

با 8مارس رۆژی جیهانی ژن بە هەوڵی هەرچی بەربلاوتر بە تێکەڵاو بوون لەگەڵ ژنانی کرێکار و زەحمەتکێش، بە پێك هێنانی پێوەندی بەربلاوتر لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری وهاوپشتی کردن لەگەڵ بزووتنەوی ژنان لەدژی ئاپارتایدی جنسی، رێز لێ بگرین.

**کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

رەشەمەی 1384

مارسی 2006